# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1 - 7 - 2000

ژمارە (224) یەکشەممە 15 -2 -2009


## کۆنفرانسی باکوری کوردستان و هەڵبژاردنی شارەوانیەکان

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێک کە دانەیەکی بۆ ڕۆژی گەل ڕەوانە کراوە، بڕیاروایە ئەمڕۆ 15-2-2009 لە شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سویدا، کۆمکارو کۆمیتەی پشتیوانی لەHAK-PAR کۆنفرانسێکی بەرفراوان سەبارەت بە ڕەوشی تورکیاو باکوری کوردستان و هەڵبژاردنی شارەوانەیەکان پێکبهێنن.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکە کۆنفرانسەکە وەک پشتیوانیێ لە هەک پار بەڕیوەدەچیێ، کاندیدی شارەوانی ئامەد، حەسەن داگتەکین و ئازاد ساگنج جێگری سەرۆکی گشتیHAK-PAR و کاندیدی شارەوانی ئەدەنە قسە دەکەن.


ل3 نوری مالکی و موقتەدا سەدر لە ململانێوە بۆ هاوپەیمانی

ل4 حکومەتی سوێد دەیەوی دوو هەزار کوردستانی ڕەوانە بکاتەوە

ل5 کوردستان و باشووری کوردستان دوو ناوی جوگرافین

ل6 ژنێکی کورد باس لە دایکایەتی خۆی دەکات!

ل7 هەڤپەیڤین لەگەڵ گەشبیر ئەحمەدی شاعیردا


# عەلاوی گومان لە ئاکامی هەڵبژاردن دەکات و هەندێک لایەنیش داوای بەڕێووەچوونی هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمان دەکەن

بەهۆی دەست لەکار کێشانەوەی مەشهەدانی، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دووچاری قەیران بۆتەوە، بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان لیستەکان، دەبێ کەسێکی سوننە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، بەڵام بەهۆی ئەو ناکۆکیەی لەنێوان حزبی ئیسلامی و لایەنە سوننیەکانی دیکەدا سەری هەڵداوە، هێشتا پالێوراوێکی بەهێز نیەو تا هەموو لایەک دەنگی بۆ بدەن، ئەمەش ئەنجوومەنی نوێنەرانی پەک خستووەو ناکامی هێشتۆتەوە، بەوهۆیەوە ئەگەر لە چەند ڕۆژی اهاتوودا چارسەر نەکرێ، ڕێگە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت خۆش دەبێ.

بەرەی تەوافق لە ڕەفتارەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی کە نوری مالکی ڕێبەرایەتی دەکات، نیگەرانەو بەوە تۆمەتباری دەکات کە گرفت لەبەردەم هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نویێ دادەنیێ، بەوهۆیەشەوە داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکەن، بەڵام حەسەن سنێد گەورە بەرپرسی حزبی دەعوە ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ: پیلانگێڕی و تەگەرە خستنەبەردەم کارەکانی پارلەمانی لە فەرهەنگی سیاسی ئەواندا نییە!! لەلایەکی دیکەشەوە سامی عەسکەری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر لیستی ئیئتیلاف ڕایگەیاندوە کە نوری مالکی سەرۆک وەزیران هیچ لارییێکی نیە ئەگەر پارتە سیاسییەکان بیانەویێ هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجامبدەن.

عەسکەری لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی حەیات، گوتویەتی؛ کە دەستوری هەمیشەیی عێراق ڕێگە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت دەدات ، بەمەرجێک ئەگەر سێ یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو داواکارییەیان هەبێ و دەنگی لەسەر بدەن، هەروەها دەبێ سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر بدەن.



عەسکەری گوتویەتی کە ئەو داواکارییە بەشێکە لەو گوشارەی کە بەرەی تەوافوق دژ بە کابینەی نوری مالکی بەڕێوەی دەبات.

هەر لەو پێوەندەدا، ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیە ئاشکرای کردووە کە ئەگەر حکومەتی نوری مالکی زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد نەڕەخسێندرێ، ئیتر وڵات بەرەو کارەساتێکی گەورە دەڕوات.

عەلاوی پێیوایە کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ساختەکاری تێداکراوەو سامانی دەوڵەت بۆ دەنگ کڕین و ڕاکێشانی خەڵک دەکار کراوەو کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیش بێلایەن نەبووە، بۆیە خوازیارە کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بە پاکتر و بێگەردتر بەڕێووەبچیێ، کە بڕیاروایە لە کۆتایی ئەم ساڵەدا بەڕێوە بچیێ.

عەلاوی ڕایگەیاندووە کە هۆی سەرکەوتنی نوری مالکی و حزبی دەعوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا ئەوە بووە کە ئەوان لە دەستەڵاتدان و سامانی دەوڵەتیان لەبەردەست دابووە، لە ڕاگەیاندنەکانی حکومەتدا بانگەشەو ڕیکلامی زۆری بۆ کراوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر خەڵک داناوەو دەنگیان پێداوە.

## فڕۆکەوانێک شایەدی دەدات

گۆران ئەدهەم سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی مافی کەسێتی لەکەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا ڕایگەیاندووە: دوای ئەوەی ئاگادارکراینەوە کە فڕۆکەوانێکی سەردەمی ڕژێمی بەعس ئامادەیی دەربڕیوە بۆ شایەتیدان دژی سەرانی بەعس لەکەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، ئێمەش پەیوەندیمان پێوەکردو بۆ تاووتوێکردنی مەسەلەکە لەگەڵیدادانیشتین، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕیووە بۆ شایەتیدان لەدادگەی باڵای تاوانەکان. ئەدهەم دەڵێ: ئەو فڕۆکەوانە ناوی لەلیستی 55 داواکراوەکەدا هەیەو گوتوویەتی کە لەدادگەدا ناوی کۆمەڵێک کەس ئاشکرادەکات کە دەستیان لەکارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا هەبووەو کۆمەڵێک زانیاری تریش دەدرکێنێت.

گۆران ئەدهەم ئامادەنەبووە ناوی ئەو فڕۆکەوانە ئاشکرا بکات ، بەڵام گوتویەتی ئەو کەسە لەو کاتەدا فڕۆکەوان بووە لەسوپای عیراقدا بەڵام بەشداریی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی نەکردووە.

## یەکێتی ئەوڕوپا هۆشیاری بە تورکیا دەدات

ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی 2009-2-12 کۆمیسیۆنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوڕوپا ڕاپۆرتێکی دەربارەی تورکیا پەسند کرد، ڕاپۆرتەکە بە 4 دەنگی نەریێ و 65 دەنگی ئەریێ پەسند کرا.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە پەروەندەی ئەرگەنەکۆن کراوە و لە تورکیا خواستراوە کە پەیوەندیەکانی ئەرگەنەکۆن لەگەڵ تەواوی وڵاتانی جیهان ئاشکرا بکریێ. هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیان داوە بخرێنە ڕوو، چونکە ئەوڕۆپا پێیوایە کە چەندین ڕووداوی تورکیا لەوێنەی کوشتنی ڕۆژنامەوان Hirant Dink هنرات دنک پەردەپۆش کراون.

ڕاپۆرتەکە لەسەرئبەو هەڕەشانەی کە لە کەمە نەتەوەکان و کۆمەڵەکان دەکریێ، ڕادەوستێ و لە تورکیا دەخوازێ کە ئەو گروپ و ڕێخکراوانەی کە دژایەتی کەمەنەتەوەکان دەکەن، بناسێندرێن و ڕێگە خۆپارێزی هەڵبگیرێتەوە.

ڕاپۆرتەکە لەبەرانبەر ئەو سزایەی کە بۆ لەیلا زانا، سیاسەتمەداری ناسراوی کورد بڕاوەتەوە، ڕەخنە لە تورکیا دەگریێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕاپۆرتەکە لە حکومەتی تورکیا دەخوازێ کە سەبارەت بە کێشەی دەنیز فەنەری هاوکاری لەگەڵ دادگەی ئەوڕوپا دا بکات.

جێگەی ئاماژەیە کە یەکێتی ئەوڕوپا هەندێک هەنگاوی تورکیا بەرز دەنرخێنیێ، بەڵام لە ڕەوشی تورکیا نیگەرانە، بەوهۆیەشەوە لێیدەخوازێ کە چاکسازی لە خۆی پێشان بدات و هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە.

## ڕۆژەڤ

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیاروایە لە مانگی ئایاری ئەم ساڵ دا بەڕێوەبچیێ، وەک وێستگەی تاقیکردنەوەیەکی دیکە پێوانەی بۆ دەکریێ، بەوهۆیەشەوە دەخوازێ کە هەموو لایەک بەرنامەی تایبەت و جیاوازی بۆ گەڵاڵە بکەن و بە گوڕوتینێکی نوێوە بێنەوە مەیدان و خۆیان تاقی بکەنەوە.

ئەگەرچی کوردستانیان گلەیی و گازاندەیان لە شێوازی بەڕێوەچوونی هەردوو هەڵبژاردنەکەی پێشوودا هەبوو، پێیانوابوو کە ساختەکاری تێدا ئەنجام دراوەو پێشێلکاری لەسەر بنەماکانیدا کراوە، بەڵام دیسانیشەوە هەڵبژاردن خۆی لە خۆیدا پڕۆسەیەکی دیموکراسیانەو هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەیە، هەموو لایەنەکانیش پێبەندن کە ڕێز لە دەنگی خەڵک بگرن و بە ئاکامەکەی ڕازی بن.

ئەگەر لە بەڕێوەچوونی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، هێزە سیاسیەکان و خەڵکی کوردستان ئەزموونیان نەبوویێ و شارەزایی پێویستیان لەو بارەیەوە نەبوویێ، بەوهۆیەوە گرفتاری ساختەکاری و پێشێلکاری کرابێتەوە، ئەگەر دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی لیستی هاوبەشی نێوان زۆرینەی هێزە سیاسیەکان و دابەشکردنی پێشوەختی کورسیەکانی پەرلەمانەوە وەک نمایشێکی سەربازی خۆی نواندبێ و فۆڕمەکان پڕکرابنەوە، ئیدی ئەمجارەیان دەبێ چاوکراوەترو پەرۆشتر خۆمان بۆ هەڵبژاردن ئامادە بکەین.

خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن بەو مانایەی کە لیستی جیاواز و جۆراوجۆر پێکبهێندریێ، بەو واتایەی کە زۆرینەی خەڵک دەنگی خۆیان دەکار بکەن و نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، بەتایبەتیش کە ئێستا باس لە گۆڕان و نوێکاری دەکریێ، ئەمەش لێمان دەخوازێ کە بە بەرنامەو ستراتیژێکی دیکەوە بەرەو هەڵبژاردن هەنگاو هەڵبگرینەوە.

بێگومان هێزە سیاسیەکان لە هاوپەیمانێتی و لیست دروست کردن دا ئازان، بەڵام گوشارکردن بۆ یەک لیستی پڕۆسەکە کەم ڕەنگ دەکات و نابێ پەسند بکریێ. هەروەک چۆن خۆپاڵاوتن و دەنگدان مافێکی ڕەوای هەموو ڕێکخراوو تاکێکی کۆمەڵی کوردستانە، بەهەمان شێوەش پێکهێنانی لیست لەنێوان لایەنە هاوڕامانەکان بۆ کێبەرکێکردن لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا مافێکی ڕەوایەو پێداویستییێکی قۆناغەکەیە، بەوهۆیەوە ئێمە بۆ پێکهێنانی لیستی هاوبەش تێدەکۆشین، ئەگەر نەگونجا، بەتەنیا بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەین و بەرەو تاقیکردنەوەکە دەڕۆین.

## گەمارۆی سەر ئۆردوگەی ئەشرەف توندتر دەکریێ

لە ڕاگەیاندراوێکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران کە دانەیەکی بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل ڕەوانە کراوە، ئاماژە بەوە کراوە کە ماوەی چەند ڕۆژێکە پازدە کەس کە لە نێوانیاندا 9 ژن و سێ منداڵی سەرووی 11 ساڵان هەن، لەبەردەم ئۆردوگەی ئەشرەف ماونەتەوەو ڕێگەیان پێنادریێ کە بێنە ناو ئۆردوگەکەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوی سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوەیە ئەو پازدە کەسە لە ئێرانەوە هاتوون و مەبەستیانە سەردانی کەسوکاری خۆیان لە ئۆردوگەی ئەشرەف بکەن، بەڵام هێزە عێراقیەکان ڕێگەیان پێنادەن.

ڕاگەیاندراوەکە ئەو ڕێگریە بە کارێکی نامرۆڤانە دادەنیێ و خوازیارە ڕێگەیان پیێ بدریێ تا چاویان بە بنەماڵەکانیان بکەویێ، چونکە لە ڕێگەیێکی دوورەوە هاتوون.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2008-12-13 07:24:00 |
| Change Number: | 52 |
| Last Saved On: | 2009-02-14 12:15:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 463 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-02-14 12:17:00 |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | 1 |
| Number of Words: | 107 (approx.) |
| Number of Characters: | 571 (approx.) |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com